# بڕیـاری ئەنجومەنی وەزیـران
# ژمارە (١) لە ٢٠١٩/٧/١٥

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمـوارکراو، و لەسـەر پێشـنیاری بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران، و لەبەر ڕۆشـنایی ئەحکـامی یاسـاکانی (بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ هەموارکراو)، و یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو، و ڕێنمایی دەستەی دەسپاکی (ڕەفتاری پیشەیی بۆ فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦)، و یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراو ، و لەبەر ڕۆشـنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١) لە ٢٠١٩/٧/١٥، بڕیاردرا بە:

**یەکەم:** جەختکردنەوە لەسەر پابەندبوونی سەرجەم وەزیر و سەرۆك دەستەکان و خاوەن وەزیفە باڵاکان و ئەوانەی ئەو پلەیەشیان هەیە و گشت فەرمانبەران و ڕاسپێردراوان بە خزمەتی گشتی (مكلف بخدمة عامة) و کارمەندانی حکومەتی هەرێم لە گشت وەزارەت و دەستە و دامەزراوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕاژەی شارستانی و هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەر شانیان و ئەنجامنەدانی ئەو کارە قەدەغەکراوانەی لە یاسا و ڕێنماییە ئاماژەپێدراوەکانی سەرەوەدا هاتوون، بە پێچەوانەوە دووچاری لێپرسینەوەی یاسایی دەبنەوە و سزا دەدرێن.

**دووەم:** سەرجەم وەزیرەکان و سەرۆك دەستەکان و خاوەن وەزیفە باڵاکان و ئەوانەی ئەو پلەشیان هەیە دەبێت پابەند بن بە دەوامی فەرمی وەزارەت و دامەزراوەکانیان لە دەسپێکی دەوامی فەرمی لە ڕۆژانی یەکشەممەوە تا کۆتایی دەوام لە ڕۆژانی پێنجشەممە.

**سێیەم:** سەرجەم فەرمانبەران و کارمەندانی حکومەتی هەرێم کە لە بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە هاتوون لە گشت وەزارەت و دەستە و دامەزراوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان دەبێت پابەند بن بە کاتی دیاریکراوی کارکردن و دەوامی فەرمی ڕۆژانە، و هیچ کەسێك بۆی نییە لە کاتی دەوامی فەرمیدا شوێنی کارکردنی خۆی بەجێبهێڵێت یان کارێکی دیکەی دەرەوەی ئەرکە وەزیفییەکەی جێبەجێ بکات و تەرخانکردنی سەرجەم کاتەکانی دەوامکردنی فەرمی بۆ کارەکەی.

**چوارەم:** سەرجەم فەرمانبەران و کارمەندانی حکومەتی هەرێم لە گشت وەزارەت و دەستە و دامەزراوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کە لە بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە هاتوون دەبێت پابەند بن بە پاراستنی نهێنی کاروباری وەزیفی کە بە سروشتی خۆیان نهێنین، و نابێت ئەو زانیاریانەی کە بە نهێنی پۆلێن دەکرێن لە دەرەوەی ڕێکارە یاساییەکان ئاشکرا بکرێن.

هەرێمی کوردستان/عێراق | إقليم كوردستان/العراق
ئەنجومەنی وەزیران | مجلس الوزراء

**پێنجەم:** کەمکردنەوەی بیرۆکراسی نەرێنی لە دامودەزگاکانی هەرێمدا بە ئاراستەی بنبڕکردنی، و جێبەجێکردنی سەرجەم مامەڵەی هاووڵاتییان بە شێوەیەکی یاسایی و خێرا و ورد لەلایەن فەرمانبەر و کارمەندانەوە، و کەمکردنەوەی قۆناغەکانی ڕاییکردنی مامەڵە و پیادەکردنی سیستمی یەك پەنجەرەیی.

**شەشەم:** وەڵامدانەوەی داواکاری و سکاڵا و پرسیاری هاووڵاتییان بە شێوەیەکی خێرا و گونجاو لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکان، و ئەرکی دامودەزگاکانی حکومەتە وەڵامی ڕوون و ئاشکرای هەبێت بۆ داواکاری و سکاڵا و مامەڵەی هاووڵاتییان، و هۆکاری هەر دواکەوتنێك یا ڕەزامەندینەدانێك ڕوون و ئاشکرا بێت، و پێویستە ڕێز لە هاووڵاتییان بگیرێت لە دامودەزگاکانی حکومەتدا و هاووڵاتیش ببێتە چەقی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

**حەوتەم:** وەزیرەکان و خاوەن وەزیفە باڵاکان بەرپرسیارن لە بنبڕکردنی دیاردەی بەرتیلدان و بەرتیلوەرگرتن لەناو دامودەزگاکانی هەرێمدا، و ئەم بابەتە بە هیچ شێوەیەك چاوپۆشی لێ ناکرێت و سەرپێچیکاران لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان بە توندی سزا دەدرێن.

**هەشتەم:** وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە دەردەکەن و میکانیزمی جێبەجێکردن دەستنیشان دەکەن بەپێی سروشتی کار و ئەرکەکانیان.

**نۆیەم:** دامەزراوەکانی چاودێریکردن و لێپرسینەوە، بەتایبەتیش دەستەی دەسپاکی و دیوانی چاودێری دارایی و سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لە چوارچێوەی دەسەڵات و یاساکانیان، کاری چاودێریکردن و لێپرسینەوە و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە ئەنجام دەدەن و بە ڕاپۆرتی دەوری ئەنجومەنی وەزیران لە بەرەوپێشچوون و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئاگادار دەکەنەوە، و ئەو کەسانەش دەستنیشان دەکەن کە کەمتەرخەمن لە بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە یان کۆسپ دروست دەکەن لەبەردەم جێبەجێکردنی.

**دەیەم:** وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران